# چوار شیلک

ئیسماعیل خورماڵی



***خاوبوونەوە***

**ئەو دەمانەی ماچ دەمگرێ و**

**ئیتر بەکوڵ وەکو مناڵ**

**بەردەبمەهەڵاڵەی دار چووالەی گیانت و**

**ڕن ڕن ڕن ڕنگوڵی گیانت دەڕنم**

**تورە مەبە باوانەکەم خۆت دەزانی**

**چەن حەزم لەخاوبوونەوەی باوەشێکە**

**لە خێرایی زەمەنێکدا**

**بۆنی قژ و**

**بۆنی مل و**

**بۆنی گشت بەرزاییەکانی**

**لەشی کچێ دامبپۆشێ**

دامبپۆشێ

ڕژا ن

پێت سەیر نەبێ سەرەتای گشت دانیشتنێ
ئەم کورە بزێوەی هاوڕێت
بەچاو گاز لەگیانت دەگرێ و
بێ دەنگانەش بەخۆی دەڵێ
خووایە ماڵت پڕ لە نوور بێ چیت کردوووە
ئاوێنەش نیە کەچی ئەو
چ شەوقێ لە گۆشتی دەڕژێ

تێکەڵ بوون

من دەزانم هەر کە سۆنەی ئەم ئەنگوستە شێتۆکانەم
دەگەنە ناو چیمەن و گوێ ئاوی گیانت
ئیتر گوڵم چۆن یەك پارچە دەبن بە گڕ
لەبەد بەختیش ئەی سێوە کچ

وەها خۆتان نیشان دەدەن

ڕقتان ڕقتان لە ڕووتبوونەوە و

لە جۆلانە و ڕقتان لە بارانی ماچە

بەڵام بوڵام ئەی سێوە کچ

کەس وەکو من لە ڕۆمانی ئاگرەکانت حاڵی نابێ

کەسیش وەك من لەباخەکانی لەزەتدا بزر نابێ

جاران

کچێ بە خووا

ماوەیەکە  پەرێشانی زەمەنێکم

ئەها جاران ئەها جاران

لەودیو هەوری کراسە ڕەشەکەتەوە

دەمڕووانیە ڕۆژی لەشت

ئەها جاران بەغیلیم بە وقردێلەیە دەبرد

لەمن زیاتر لەگەڵتا بوو

ئەها جاران دەمم دەنا بە گیانتەوە و

دەمم پر دەبوو لە نوقل

ئەها جاران ئەها جاران

/سلێمانی1994جۆزەردانی